ئاژانسی(موتڵەع) بریارەکانی نۆزدەهەمین دانیشتنی ئاسایی ئەنجومەنی وەزیران بڵاودەکاتەوە

سەرۆکی ئەنجومەنی وەزیران محەمەد شەیاع سودانی، ئەمڕۆ سێشەممە سەرۆکایەتی نۆزدەهەمین دانیشتنی ئاسایی ئەنجومەنی وەزیرانی کرد.

نوسینگەی راگەیاندنی سەرۆک وەزیران بڵاویدکاتەوە:-ئەنجومەنی وەزیران گفتوگۆ لەسەر بارودۆخی گشتی وڵات و تاوتوێی دۆسیە گرنگەکان کرا لە بوارە جیاجیاکاندا و باس لە بابەتەکانی سەر کارنامەکە کرا و بڕیار و ڕاسپاردەی پیویستیان لەسەر درا.

لە بواری ڕێکخستنی وەبەرهێنانی سامانی نەوت و کاری کۆمپانیاکانی وەبەرهێنان لەم کەرتەدا، ئەنجومەنی وەزیران ڕاسپاردەکانی لیژنەی فەرمانی دیوانی پەسەند کرد (3ی ساڵی 2024) سەبارەت بە پاڵاوتگەی وەبەرهێنانی کەرکوک و ڕاسپاردەی فەرمانگەی یاسایی لە ئەمیندارێتی گشتی ئەنجومەنی وەزیران بەم ئەم شێوەیەی خوارەوە:

1. پێویستە وەبەرهێنەر پابەند بێت بە بڕگەکانی یاسای وەبەرهێنان بە پاڵاوگەکان ژمارە (64) ی ساڵی 2007 و هەموارەکانی و جێگیر کردنی لەئەو گرێبەستەی کە لە نێوان وەبەرهێنەر و وەزارەتی نەوتدا ئەنجام دەدرێت.

2. پابەندکردنی وەبەرهێنەرەکە بە گرێبەست، کە ڕێژەی وەرگیراوەکانی نەوتی (سپی) کەمتر نەبێت لە (80%)ی ئەو نەوتەی کە دابینکراوە بۆ ئەو پاڵاوتگەی کە لەسەرەوە ئاماژەی پێکراوە.

3. پابەندکردنی وەبەرهێنەر بە دڵنیابوون لەوەی کە چالاکییەکانی پاڵاوگەکە و بەرهەمەکانی بەگوێرەی ستانداردە نێودەوڵەتییەکان (EURO5) بێت.

4. وەزارەتی نەوت دانوستان لەگەڵ وەبەرهێنەرەکە بکات بۆ کڕینی وەرگیراوەکانی ئەو نەوتە سپیانەی کە لە سەرەوە ئاماژەیان پێکراوە بەگوێرەی ئەوەی لە یاساکەدا هاتووە و بە شێوەیەک کە داهاتی ئابووری بۆ وەزارەت بەدەست بهێنێت و بە نرخ و پێوەرە پەسەندکراوەکان لەلایەن کۆمپانیای بەبازاڕکردنی نەوت (SOMO) و کۆمپانیای دابەشکردنی بەرهەمە نەوتییەکانەوە، لەگەڵ جەختکردنەوە لەوەی کە نمونەی پێشکەشکراو (O.O.B) پێویستی بە ڕەچاوکردنی تێچوونی وەبەرهێنان نییە وەک فاکتەرێکی سەرەکی، چونکە پڕۆژەکە بە خاوەندارێتی وەبەرهێنەر دەمێنێتەوە و بەراورد دەکرێت لەگەڵ نرخە نێودەوڵەتییەکان یان باوەکان مەگەر سروشتی وەبەرهێنانەکە لە (O.O.B) ەوە بگۆڕدرێت بۆ (B.O.T)، کە وەک ماوەی گەڕانەوە لەبەرچاو دەگیرێت و لەگەڵ تەمەنی وەبەرهێنانەکەدا هەژمار دەکرێت.

5. وەزارەتی نەوت بەدواداچوون بۆ جێبەجێکردنی پڕۆژەکە بکات بەپێی یاسا و بڕگەکانی گرێبەستە واژۆکراوەکان.

6. وەزارەتی نەوت هاوکاری وەبەرهێنەرەکە بکات بۆ بەدەستهێنانی پاڵپشتی و هاندانی پێویست لەلایەن وەزارەت و دەستەی وەبەرهێنان و وەزارەتە پەیوەندیدارەکانی دیکەوە بەمەبەستی خێراکردن لە دروستکردنی پڕۆژەکە بەهۆی گرنگییەکەیەوە لە دابینکردنی وەرگیراوەکانی نەوت بۆ پارێزگاکانی باکوور و هەرێمی کوردستان و پەرەپێدانی پارێزگای کەرکوک لە ڕووی ئابوورییەوە.

7. وەزارەتی نەوت لێکۆڵینەوە بکات لە ئەوەی کە توانای پڕۆژەکە (150) هەزار بەرمیل بێت بەگوێرەی ئەو دیزاینەی کە لەبەردەستیاندایە، دوای هەژمارکردنی بودجەی ئەو نەوتەی کە لە کەرکوک بەردەستە.

هەر لە ڕووی وزەوە، ڕاسپاردەی ئەنجومەنی وەزاری بۆ خزمەتگوزاریی کۆمەڵایەتییەکان (24006 خ) پەسەندکرا، کە جێبەجێکردنی وەزارەتی نەوت/کۆمپانیای سۆمۆ و ئەوەی لە بڕیاری ئەنجومەنی وەزیراندا هاتووە (23559ی ساڵی 2023) نیشان دەدات بە گرێبەستکردنی ڕاستەوخۆ لەگەڵ (کۆمپانیای گواستنەوەی نەوتی عێراق سەر بە وەزارەتی نەوت و کۆمپانیای گشتی گواستنەوەی دەریایی سەر بە وەزارەتی گواستنەوە) بۆ گواستنەوە و عەمبارکردنی بەرهەمە نەوتییە هەناردەکراوەکان بە بڕی (70%) بۆ کۆمپانیای گواستنەوەی نەوتی عێراق و (30%) بۆ کۆمپانیای گشتی گواستنەوەی دەریایی، تایبەت بە هەموو قۆناغەکانی کار (گواستنەوە و عەمبارکردن)ی بەرهەمە نەوتییەکان بۆ ڕێگای جۆراوجۆر.

سەبارەت بە پڕۆژە دواکەوتووەکان و یەکلاییکردنەوەی دۆسیەکانیان و ئامادەکردنی پێداویستییەکانی تەواوکردنیان، ئەنجومەنی وەزیران ئەمانەی خوارەوەی پەسەند کرد:

1- زیادکردنی بڕی یەدەک لە بەڵێندەرایەتی پردی کارزییە لە پارێزگای واست.

2- زیادکردنی تێچووی پڕۆژەی (دروستکردنی پردی دووەمی کوت و نزیکبوونەوەکانی لە پردی کارزییە و ڕێگای پشتوێنی بە درێژی 30 کم).

3- زیادکردنی بڕی یەدەگ و تێچووی گشتی پڕۆژەی (گەشەپێدانی باب ئەلخان و باب بەغدا بە درێژی 7 کم) ، لەچوارچێوەی پڕۆژەی (قیرتاوکردن و پەرەپێدانی شەقامەکان لە ناوەندی کەربەلا / م3 و دروستکردنی ڕێگای بەستنەوەی باشوور / م2 و ڕووپۆشکردنی جۆگەی کورە و لقەکانی لە ناوەندی پارێزگا / قۆناغی یەکەم).

4- زیادکردنی تێچووی گشتی پڕۆژەی دابینکردنی مەحاویلە بەتوانایی (31.5 MVA) لە ناوەندی قەزای سوق شیوخ / پارێزگای زیقار.

5- زیادکردنی تێچووی گشتی و ڕێژەی یەدەگ بە بەڵێندەرایەتی کاری تەواوکەری پڕۆژەی (دروستکردنی بینایەکی چەند نهۆمی لەگەڵ بانکێک لە ناوەندی وەزارەتی ناوخۆ).

6- نوێکردنەوەی پێکهاتەی (خزمەتگوزاری ڕاوێژکاری بە پڕۆژەی ڕێگای گەشەپێدان) لەچوارچێوەی پڕۆژەکەدا (ئامادەکردنی دیزاین و ورد بینی کردن بە کارە تەواوکەرەکانی پرۆژەکانی هێڵی شەمەندەفەر) ، و زیادکردنی تێچووی گشتی پڕۆژەکەی سەرەوە.

ئەنجومەنەکە ڕەزامەندی دەربڕی لەسەر هەموارکردنەوەی بڕیارەکەی (24207ی ساڵی 2024) سەبارەت بە پەسەندکردنی ڕاسپاردەی ئەنجومەنی وەزیرانی ئابووری پەیوەست بە ڕاسپاردەکانی لیژنەی فەرمانی دیوانی (23942) سەبارەت بە قەرزی بیانی، بە ئەوەی بەم شێوەیە بێت:

1- هەڵوەشاندنەوەی بڕگەی دووەم کە پڕۆژەکانی قەرزکردنی دواکەوتوو لەخۆدەگرێت، کە پێشنیاری هەڵوەشاندنەوەی کراوە تایبەت بە پڕۆژەی ئاوەڕۆی خالیدیە و لەلایەن ئاژانسی گەشەپێدانی فەڕەنسی (AFD)ەوە پارەدار کراوە و تەرخانکردنی 10 ملیۆن دۆلار بە ساڵی 2024 دیاری کراوە، تا ئەو کاتەی پڕۆژەکە پێداچوونەوەی بۆ دەکرێت و دانوستانەکان لەگەڵ لایەنی فەڕەنسی تەواو دەکرێت.

2- هەموارکردنەوەی ئەو بڕە پارەیەی کە لە دەقی ماددەی (2 / کورتهێنان / 1/ ب – 11) ی یاسای بودجەی فیدراڵیدا جێگیر کراوە بۆ داراییکردنی (پڕۆژەی ئاوەڕۆی شاری حەمزە) ، بە بڕی یەک ملیۆن دۆلار بۆ بەرژەوەندی وەزارەتی ئاوەدانکردنەوە و نیشتەجێبوون و شارەوانی و کارە گشتییەکان و تەرخانکردنی 10 ملیۆن دۆلار بۆ پڕۆژەی ئاوەڕۆی خالیدیە بۆ بەرژەوەندی وەزارەتی ئاوەدانکردنەوە و نیشتەجێبوون و شارەوانی و کارە گشتییەکان.

3- لە ئەگەری ڕێکنەکەوتن لەگەڵ لایەنی فەرەنسی، ئەوە هەردوو پڕۆژەکە کە بابەتی توێژینەوەن، دەخرێنە چوارچێوەی بودجەی وەبەرهێنانی وەزارەتی ئاوەدانکردنەوە و نیشتەجێبوون و شارەوانییەکانەوە.

لە چوارچێوەی بەدواداچوون بۆ بارودۆخی ناوچەی شەنگال و ئاوەدانکردنەوەی ناوچە ئازادکراوەکان، ئەنجومەنی وەزیران ڕەزامەندی دەربڕی لەسەر هەموارکردنەوەی بڕگەی (6) ی بڕیاری ئەنجومەنی وەزیران (24043) ی ساڵی 2024ی بۆ ئەوەی بەم شێوەیەی خوارەوە بێت:

1- هەڵوەشاندنەوەی تەرخانکردنی ئەو دوو پارچە زەوییەی کە لە بڕگەی (6) ی بڕیاری ئەنجومەنی وەزیراندا هاتووە (24043ی ساڵی 2024) لە وەزارەتی ئاوەدانکردنەوە و نیشتەجێبوون و شارەوانییەکان و کارە گشتییەکان و گەڕاندنەوەی خاوەندارێتییەکانیان بۆ بەڕێوەبەرایەتی شارەوانی شەنگال/ پارێزگای نەینەوا.

2- پێدانی ئامارێکی ورد بە وەزارەتی کۆچ و کۆچبەران لە پارێزگای نەینەوا و سندوقی ئاوەدانکردنەوەی شەنگال و دەشتی نەینەوا لەسەر ژمارەی خێزانە ئاوارەکانی قەزای شەنگال کە لە کەمپەکاندا نیشتەجێن، بۆ ئامانجی سوود وەرگرتن لێیان لە ئامادەکردنی دیزاین بۆ کۆمەڵەی نیشتەجێبوون و دیاریکردنی ژمارەی یەکەکانی نیشتەجێبوونی شایستە کە پێویستە بۆیان بەردەست بێت.

3- پارێزگای نەینەوا و سندوقی بنیاتنانەوەی دەشتی شەنگال و نەینەوا و سندوقی بنیاتنانەوەی ناوچە ئازادکراوەکان لە تیرۆر، ئەوە جێبەجێ بکەن کە لە بڕیاری ئەنجومەنی وەزیراندا هاتووە (24043 ی ساڵی 2024) و بریتییە لە: (دروستکردنی کۆمەڵەی نیشتەجێبوون لەسەر ئەو دوو پارچە زەوییە کە بابەتی توێژینەوەن، لە تەرخانکردنی دارایی بەردەستە لە چوارچێوەی یاسای بودجەی گشتی فیدراڵی (13 ی ساڵی 2023).

بەمەبەستی دابینکردنی پشتیوانی تەواو بە هێزە چەکدارەکان، ئەنجومەنەکە ڕەزامەندی دەربڕی لەسەر تەرخانکردنی بڕی (56.375) ملیار دینار لەلایەن وەزارەتی داراییەوە بە وەزارەتی بەرگری بۆ کارە پێویست و گرنگەکانی چاککردنەوە بۆ پاڵپشتیکردنی یەکەکانی سوپا لە چوارچێوەی بودجەی وەزارەتی بەرگری و بە هەماهەنگی لەگەڵ وەزارەتی پلاندانان.

سەبارەت بە ڕێکخستنی کارەکانی کرێکارانی بیانی، ئەنجومەنەکە ڕاسپاردەکانی لیژنەی فەرمانی دیوانی پەسەند کرد (23602) سەبارەت بە دیراسەکردنی ماوەی خۆگونجاندنی دۆخی یاسایی سەرپێچیکارانی بیانی کە لەلایەن وەزارەتی ناوخۆوە پێشکەشکرا لە 24 شوباتی 2024، بە ڕەچاوکردنی بۆچوونی ئەمیندارییەتی گشتی ئەنجومەنی وەزیران.

لە بواری وەبەرهێنان و ڕێکخستنەوەیدا، ئەنجومەنی وەزیران ڕەزامەندی دەربڕی لەسەر دەسەڵاتدان بە سەرۆکی دەستەی وەبەرهێنانی نیشتمانی بە وەکالەت بۆ دانوستاندن و واژۆکردنی هەموارکردنی پێناسەی ئەو هەرێمەی کە لە ڕێکەوتنەکەدا ئاماژەی پێکراوە (هاندان و پاراستنی وەبەرهێنان لە نێوان حکومەتی

ک□ماری ع□راق و حکوم□تی شانشینی ع□ر□بی سعودی□) ل□س□ر بن□مای ب□گ□کانی د□ستوور، ب□ م□رج□ک ب□ش□کی دان□ب□او ب□ت ل□و □□کک□وتن□ی ک□ ل□ س□ر□و□ ئاماژ□ی پ□کراو□ و □□شنووسی □□کک□وتن□ک□ دوای واژ□کردنی ل□ ن□وان ه□ردوو و□اتدا □□وان□ی ئ□نجوم□نی نو□ن□ران بکر□ت ب□ ت□واوکردنی □□کار□ یاسایی□کانی پ□س□ندکردنی، و□ک ئ□و□ی ل□ یاسای گر□ب□ستکردنی پ□یماننام□کان□ (35ی سا□ی 2015)دا هاتوو□.

و□ک پ□زانین□ک ب□ ئ□و د□ستک□وت□ی ک□ پا□□وانانی ه□□بژارد□ی ئ□□□مپیمان ب□د□ستیان ه□ناو□ ل□ س□رک□وتن ب□ ئ□□□مپیادی پاریس 2024، ئ□نجوم□نی و□زیران □□زام□ندی د□رب□ی ل□س□ر □□زل□نان ل□ یاریزانانی ه□□بژارد□ی ت□پی پ□ی ئ□□□مپی ب□ پارچ□ ز□وی نیشت□ج□بوون ب□خ□□ایی و ب□ □ووب□ری (200 م□تر 2) و ب□خشینی مانگان□ی 400 ه□زار دینار ب□ ه□ر ی□ک□کیان ب□پ□ی ماdد□ی 3 / دوو□م-ج، ل□ یاسای ب□خشینی و□رزشوانانی پا□□وان و پ□ش□نگ (6ی سا□ی 2013)؛ ، ب□ ب□د□ستهنانی پل□ی س□ی□م ل□ جامی ئاسیای خوار ت□م□نی (23) سا□ و س□رک□وتنیان ب□ خولی یاریی□ ئ□□□مپی□کان ل□ پاریس، ه□روها □□زام□ندی درا ل□س□ر □□زگرتن ل□ ستافی م□شق و □اه□نانی ه□□بژارد□ی ت□پی پ□ی ئ□□□مپی ع□راقی ب□ پارچ□ ز□وی نیشت□ج□بوون ب□ □ووب□ری (200 م 2) ب□ ه□ر ی□ک□کیان □□زل□نان ل□ ب□رزک□ر□و□ی قورسایی ع□راقی (ع□لی ع□مار یوسر) ک□ ز□ویی□کی 200 م 2 ب□ب□ن□ی س□رک□وتنی ب□ ئ□□□مپیادی پاریس، ب□د□رکردنی ئ□و ک□سان□ی ک□ ل□ س□ر□و□ ئاماژ□یان پ□کراو□ ل□ ه□ردوو م□رجی شو□نی ل□دایکبوون و پ□کردن□و□ی ب□□□ننام□ی□کی تایب□تی ل□لای□ن ئ□و ک□سان□و□ ک□ ل□ س□ر□و□ ئاماژ□یان پ□کراو□، هاوژین□کانیان یان مندا□□کانیان ک□ ت□م□نیان خوار 18 سا□□، خاو□نی ز□وی نیشت□ج□بوون یان ی□ک□ی نیشت□ج□بوون نین ل□ د□و□□ت□و□.